

# مەرگی دوا هونەرمەندی سوریالیست

لیۆنۆرا کارینگتۆن، یەکێک لە هونەرمەندە رەسەن و کۆنەکانی قوتابخانەی سوریالیزم لە تەمەنی ٩٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

# ئەم وێنانە دەرهاویشتەی زیهنێکن کە سەرقاڵی وێنەکردنی واقعێکەو دەیەوێت بەسەر هەموو ئەو شتانەدا تێپەڕێت کە دەبینرێن

لیۆنۆرا کە لەدایکبووی بەریتانیا بوو، پاش هەڵهاتن لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی و ئەوروپای داگیرکراو لەلایەن نازییەکانەوە لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا رووی لە مەکسیک کرد و تا کۆتایی تەمەنی لەوێ مایەوە. ئەو لە رێگەی بەرهەمەکانییەوە کە دونیا ئەفسانەییەکانی بەرجەستە دەکرد، ناوبانگێکی جیهانیی وەرگرت. لیۆنۆرا کارینگتۆن لەگەڵ پەیکەرتاشی و نیگارکێشان، کە لە هەموو جیهان نمایش دەکرا، رۆمان و وتار و شیعریشی دەنووسی. هۆمەر ئاریجیسی شاعیر، هاوڕێی ئەم هونەرمەندە وتی: «کارینگتۆن دوا سوریالیستی زیندوو بوو، ئەو ئەفسانەیەکی زیندوو بوو».

خانمی کارینگتۆن بەناوبانگ بوو بە خولقاندنی بەرهەمی پڕ لە نهێنی و وێنەکردنی دیمەنی نامۆی باڵندە و پشیلە و بوونەوەری هاوشێوەی مرۆڤ بە شاخێکەوە و بوونەوەری دیکە.

## ژیانی پر لە بەسەرهات:

ئەنجومەنی نەتەوەیی کولتوور و هونەری مەکسیک رایگەیاند کە لیۆنۆرا کارینگتۆن رۆژی چوارشەممە ٢٠١١/٥/٢٥ بەهۆی نەخۆشی لە کۆئەندامی هەناسەدان گیانی سپاردووە.

ژیانی ئەم هونەرمەندە لێوان لێوە لە رووداو و بەسەرهاتی سەیر. ئەو ساڵی ١٩١٧ لە لینکشایەر و لە خێزانێکی ئەریستۆکرات لەدایکبووە و هەر لە منداڵییەوە سەرقاڵی نیگارکێشان بوو.

لە تەمەنی بیست سالیدا رۆیشتە پاریس و لەوێ عاشقی ماکس ئەرنست، نیگارکێشی سوریالیست دەبێت کە ٢٦ ساڵ لە خۆی گەورەتربوو.

ماکس ئەرنست دەبێتە پردی ئاشنابوونی بە چەندین هونەرمەندی قوتابخانەی سوریالیزم، وەکو سلڤادۆر دالی، مارسل دۆشان، خوان میرۆ و ئاندرێ بۆرتۆن. لیۆنۆرا کارینگتۆن یەکەمین پێشانگەی سوریالیستی ساڵی ١٩٣٨ لە پاریس و ئەمستردام کردەوە.

ساڵی ١٩٣٩ لە فەرەنسای داگیرکراوی نازییەکان، ئەرنستیان دەستگیر کرد و بەم هۆیەوە کارینگتۆن خەمۆکییەکی سەخت یەخەی پێدەگرێت و لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی لە ئیسپانیا دەخرێتە ژێر چاودێرییەوە. پاش ماوەیەک لە نەخۆشخانەکە هەڵدێت و لە لیسبون لەگەڵ رێناتۆ لدۆک، شاعیر و رۆژنامەنووس، هاوسەرگیری دەکات. ئەوان دوای ساڵی ١٩٦٤ بەرەو مەکسیک سەفەریان کرد. لیۆنۆرا کارینگۆن بۆ هەمیشە لە مەکسیک دەمێنیتەوە و دەبێتە هاوڕێی فرێدا کالۆ و ئۆکتاڤیۆ پاز، شاعیری براوەی خەڵاتی نۆبڵ.

لیۆنۆرا ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ ئمریکۆ چیکی ڤایس، نووسەر و فۆتۆگرافەری مەجەری هاوسەرگیری دەکات و دوو منداڵی دەبێت.

ئەنجوومەنی نەتەوەیی مەکسیک نووسیویەتی: «ئەو دنیایەکی ئەفسانەیی خوڵقاند، کە تیایدا دیمەنەکان لەژێر رکێفی بوونەوەرە جادووییەکاندایە، ماری کوبرا لەگەڵ بزنەکان تێکدەئاڵێن و قەلەڕەشە کوێرەکان دەبن بە درەخت.»

«ئەم وێنانە دەرهاویشتەی زیهنێکن کە سەرقاڵی وێنەکردنی واقعێکە و دەیەوێت بەسەر هەموو ئەو شتانەدا تێپەڕێت کە دەبینرێن».

لیۆنۆرا کە لەدایکبووی بەریتانیا بوو، پاش هەڵهاتن لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی و ئەوروپای داگیرکراو لەلایەن نازییەکانەوە لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا رووی لە مەکسیک کرد و تا کۆتایی تەمەنی لەوێ مایەوە. ئەو لە رێگەی بەرهەمەکانییەوە کە دونیا ئەفسانەییەکانی بەرجەستە دەکرد، ناوبانگێکی جیهانیی وەرگرت. لیۆنۆرا کارینگتۆن لەگەڵ پەیکەرتاشی و نیگارکێشان، کە لە هەموو جیهان نمایش دەکرا، رۆمان و وتار و شیعریشی دەنووسی